# بەسەر چوو سەردەمی سەفەرەکان

**یوسف عیزەدین**



سەفەر مەکە

چیدی نابینی

سێبەری ئەو دەریایەی

بەیادەوەری تنۆکە سوێرەکانی

زەمەن بارگاوی بوو

ئاستەمە بینینەوەی

سێبەری یادەوەری هەڵوەرینی

خشۆکە بێباڵەکانی ئاسمانی

لەو حیکایەتانەی

تنۆك تنۆك بە ئەسپایی

لەسەر لێوی زەمەن هەڵدەخزان

ئەو حیکایەتانەی بەشێك بوون

لەسولالەی ئەفسانەکانی باو

سیحرو تەلیسمی

چاخەکانی تاعوون

ئاستەمە بینینەوەی

نیوەرۆکانی رەنگپەڕینی میتاڵەکانی خوێ

لەنێو توانەوەو مەیینی

چاخەکانی هەڵزنان و رۆچوون

بۆ نێو نهێنی کوولبوونی

میلی کاتژمێرەکانی لم

پەنهانی رەگداکوتینی

کانزا ژەنگاوییەکان

بۆنێو لوغزی سێگۆشە بوونی

هەموو  ئەو خەنجەرانەی پاش کوژرانیان

لەزەردەپەڕی ئێوارەیەکا

بەخەیاڵ گەڕانەوە بۆ سەمەرقەند

ئاستەمە بینینەوەی

چاخەکانی دۆزینەوەی سەیرترین ئیکسیر

لەئێسکی ماسییە مۆمیاکراوەکانی

سەردەمی فیرعەونەکان

ئاستەمە بینینەوەی

سپێدەی دۆزینەوەی تەڵخترین مەرهەم

بۆ رۆشنکردنەوەی پەنجەکان و

شێلانی ئەندامە شاراوەکانی شەیتان

بۆ گۆڕینی رەنگی پێست و چاوو

ئاوەڵکراسی مەخلووقە بێرەنگەکان

بەسەرچوو

سەردەمی داباریینی گەڵاو

گەمەی گوڵ و چاوشارکێی خەیاڵ

بەسەرچوو

ئەندێشەکردنی چەندین شەوانی

شینی وەك دەریا

بەسەرچوو

سەردەمی ئەو دەروازانەی

کەلەبەردەمیا رۆحی کەشتیە چارۆکەدارەکان

بۆ هاتنی با

خەونیان بەشەپۆلەکانەوە دەبینی

بەسەرچوو

سەرگوزشتەی ئەو شمشێرانەی

بۆ خاتری بینینی خوێن

لەقووڵایی ماجەراکانی جەنگا دەخەوتن

ئێستا زەمەنی تێکشکانی خەونی ئەو کەشتیانەیە

کەرۆحی ماجەراپەرستی قەراسنەکان

لەخاڵێکی وەستاوی زەمەنا

بۆ زانینی قەدەری ئەژدیهاکان خستیانە رێ

ئیدی تۆ ئەو ئەسپە نادۆزیتەوە

کەدوا میری مەملەکەتی لەسەر گلا

هیچ رێگەیەك ناتباتەوە

بۆ سەر ئەو گۆمە نەبینراوەی

میناتۆرە حەرامکراوەکانی تێ فرێدرا

هیچ دەلاقەیەك

ناڕوانێته نێو ژووره شووشه‌به‌نده‌كه‌ی میر
تابزانی چه‌ند مێینه‌ی سه‌یرتر
له‌ئاو و گوڵ
له‌وێدا رامكرا
ئیدی ئه‌و كچه نابینیته‌وه
كه بۆ بینینی رۆحی بیابان
دوای كاروانی ئه‌ندێشه كه‌وت
ئه‌و كچه‌ی
به‌بێ ئه‌وه‌ی پێ بزانێ
له‌نێو جه‌رگه‌ی ده‌ریای لما
له ساته‌وه‌ختی روانینی بۆ سه‌راب
بۆ هه‌تا هه‌تایه ونبوو
ئه‌ی ئه‌و كه‌سه‌ی  ره‌نگی موسافیر
له رووكارت نیشتووه
سه‌فه‌ر مه‌كه
چاخی سه‌فه‌ره‌كان به‌سه‌رچوو
رێگه‌كانی ئێستا ده‌چنه‌وه سه‌ر هیچ
تۆ ئیتر نه‌سلی ئه‌و مشكانه نادۆزیته‌وه
كه‌تاوانبارن به‌هێنانی چڵه وشكه‌كانی حه‌قیقه‌ت
چیدی رێگه‌یه‌ك نییه
بچێته‌وه سه‌ر رێگه‌ی ناشوێنێك
له‌قه‌لا دێرینه‌كانی ئاو
جه‌نگه جوانه‌كانی خه‌ون
شارستانیه‌تی نه‌وه‌كانی قه‌ومی لووت
چیدی ئه‌و پیاوه نادۆزیته‌وه
كه‌به‌ره‌به‌یان ره‌جمكرا ئێواره له‌خاچدرا
ته‌نها له‌به‌ر ئه‌وه‌ی ده‌یویست
له‌نێو كتێبخانه په‌نهانه‌كه‌ی ئیبلیسا
ببێته ئه‌فسانه كتێبێكی نه‌نووسراو
به‌سه‌رچوو هه‌موو ئه‌وه‌ی كه‌بوو
ئێستا زه‌مه‌نێكه له‌وێنه
بۆ ناوێنا كردنی ئیماژ ده‌گه‌رێ

نابیستیٚ

هیچ میتافۆری رووداوێك

تازمانی سەردی بێتە گۆ

بەو دێوە دەچیٚ

لەچاوەڕوانی فڕینی بەردێکا توایەوە

هاوشێوەی عیفریتێکە

نەزانرا بۆ لەقوولآیی خورافەیەکا خەوت

وەك ئەو دوو بوونەوەرەیە

بەرلەمێژووی کوشتن و

بەدرامابوونی ژیانی کوژراوەکان

پێش لەدایك بوونی یەکەمین بکوژ

بیٚ ئەوەی پیٚ بزانن

یەکتریان کوشت

ئەمڕۆ رۆژێکە بێدەنگ

وەك بێڕەنگی خوێن

لێوانلێو لەبێهوودەیی دەمارەکان

ئیدی سێبەری ئەو دەریایە نابینیتەوە

باڵندە کزۆڵەکان

پاییزانێك بەسەریا وەرین

لەساتێکا

تیشکی دوایەمین خۆرەتاوێك

دەنگی ماسییەکانی لەگەل خۆی برد

دلۆپە ئاوەکانیش هەورەکان لەخۆیانگرت

ئەی ئەو کەسەی هێندەی باڵآی موسافیریٚ

لەبەردەم پەنجەرەی سەفەرا

سەرەتاتکێی رێگە بێکۆتاکان دەکەی

گوێڕادێرە بۆ هەموو ئەو دەنگانەی

کەپێت دەڵێن ئەگەر برۆی

جارێکی تر نایەیتەوە

نێو کۆڵآنە دێرینەکانی حەقیقەت

نابینیتەوە سەرو سەکوتی خۆلآوی

میرەکانی خەون

کۆشکە خەیاڵییەکانی مۆلگەی کەڕوو

دەڵێن مەڕۆ

تاببینی چۆن

هەموو ئەو کچە ئاوییانەی

لەگەڵ باران دێنە خوارێ

بەفەرمانی ئاسمان

لە ئامێزی موریدەکانی بێهوودەییا

هەر بەڕووتی رادەکشێن

دەڵێن مەڕۆ

بەسەرچوو

ساتەوەختی لەدایکبوونی ئەو حەرفانەی

لەپشت زەخرەفەکانەوە دەبوونە دەنگ

رۆژگاری ئەو وشانەی لە یادەوەریا دەنووسران

ئەو دێڕانەی دەبوونە موسافیرو

شارە و شار

بەشوێن پەرەگرافێکا دەگەڕان

بەسەرچوو

ساتەوەختی فڕینی ئەو نەورەسانەی

لەئاسمانێکی گەرما باڵەکانیان هەڵپڕووکا

بەسەرچوو

وەرزی ئەو ئاسکانەی لەپێناو دۆزینەوەی

دارستانێك لە شەبەنگ

تائەبەد بوونە پەلکەزێڕینەی

ئاسمانێك لە هیچێتی هەمووان

بەسەرچوو

سەرگوزشتەی گەڕانەوەی کاروانی

ئەو مەخلووقانەی

سەردەمانێك بۆ هێنانی خوێ

بە رێگەیەکەی نەزانراوا

گەیشتنە سەر پردی سیراد

بەسەرچوو

شەوانی ئەو حیکایەتانەی

بەبێ حیکایەتخوانیش هەر هەبوون
دەڵێن مەرۆ
تۆ هانیباڵ نیت
بەسواری فیلێکی بێدەنگەوە
بەنێو چاخەکانی بەفرا سەفەر بکەی
وەك جەنگاوەرێك لەتەم
لەگەڵ هەموو تەمتوومانێك بێیتە دنیا
تۆ ئەو نیت
تا لەپێناو سڕینەوەی ناوی رۆما
کارتاجەیەك لەحەرفی نەزانراو
لەدەرەوەی زانراوەکان چێبکەی
تۆ خوێنی هیچ فینیقییەك
بەدەمارەکانتا ناگوزەرێ
تا بەرێکەوت
توێژاڵە لمی کەنار بکەیتە کریستاڵ و
دەریایەکیش لەوەهمی شووشە
بنێریتە کارتاج
تۆ ناتوانی وەك هۆمیرۆس
لەپشت تەڵخترین پەنجەرەوە
بڕوانیتە موعجیزەی زیندووبوونەوەی
ئەو کوژراوانەی
حیکایەتی مەرگی رۆژەکان دەگێڕنەوە
دەڵێن مەرۆ
تۆ سێبەری ئەو دەریایە نابینیتەوە
کەهێشتاکە خۆڵبارانی نەبینیبوو
بەسەرچوو
سەردەمی سەفەرەکان
سەردەمی خەیاڵ
سەردەمی شیعر و جوانی ومەستبوون
سەردەمی ئاوازە رۆحییەکانی
سەدان قیسارەی نەرم
نەرمتر لەلێوی شەهرەزاد

دەڵێن مەڕۆ
لێرەبە بۆ بینینی نەوەکانی خۆڵ
بۆ خوێندنەوەی مێژووی کێویبوونی ئەقڵ
لێرەبە تا لە حیکمەتی هەموو تۆبەکان بگەی
ئیدی بە هیچ ڕێگەیەکا نەڕۆی
هەرگیز نەبیتە موسافیر و
تا ئەبەد سەفەر نەکەی
لێرەبە لە گەڵمان
لەلای یەکێك لە پەیکەرە جیوەییەکانی
سەرکردەی خۆڵ
لەنێو مەعشەری خۆڵ
لە خامۆشی باخچەهەڵواسراوەکانی
بورجی دەنگ و سەدامان رابمێنە
بۆنی ڕێنووسی بەرد بکە
بڕوانە میری خۆڵاویمان
ببینە چۆن هەر لەیەکەم رۆژی بوونیەوە
زمانی هەموو ئەو خشۆکانەی بڕی
کەدەیانویست زمانە تەڕەکانیان
لەخۆڵی ئەو خاکە وەردەن
کەسەدان پشتی میرانی خۆڵ
لە دەرەوەی دونیای باران حوکمیان کرد
لێرەبە لەگەڵمان
چاو بۆ هیچ هەورێ مەگێڕە
بیر لە هیچ بارانێ مەکەرەوە
خەون بەهیچ دلۆپە ئاوێکەوە مەبینە
لەلای یەکێك لە پەیکەرە جیوەییەکانی
سەرکردەی خۆڵ
هەروەك وەستانی سەدان ساڵی ئێمە
لەحوزوری گەورەیی ئەوا
بێدەنگتر لە خۆڵ رابوەستە